Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090405

# پێکهاتەی زمانی دەقەی چیرۆکەکان لە گۆڤاری کاروان لە ساڵـانی (1990 . 1982) هەرساڵەو چیرۆکێک بە نمونە

**إبراهيم عبد الرحمن محمود**

**أكرم عباس خورشيد**

بەشی زمانی کوردی // کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت // زانکۆی گەرمیان

پوختە

**زمان بە پێکهاتەیەکی هەرە سەرەکی دەقی ئەدەبی هەژمار دەکرێت، بەشێوەیەک ، کە هەرگیز نووسەری دەقی ئەدەبی ناتوانێت دەست بەرداری بێت لە نووسینی بەرهەمە ئەدەبییەکەیدا، بۆیە نووسەربە بەردەوامی گرنگی بە شێوازی دەربڕینی زمانەکەی ئەدات بە ئامانجی پارێزگاری کردن لە نەمریی دەقەکەی. وە هەندێ جار نووسەر لەم هەوڵەیدا ، (چ بە ئاگایی بێت، یان بە بێ ئاگایی) یاری بە ڕۆنانی وشەکان دەکات و وشەی کۆن و نوێ و وشەی زمانەکانی تریش ئەکاتە پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکەی، هەروا بۆ ڕازاندنەوەی زمانی دەربڕینەکەی هەندی جار پەندی پێشینان تێهەڵکێشی دەقەکەی دەکات، یان ئیدیۆم بەکار دەهێنێت، بۆیە لەم توێژینەوەیدا هەوڵی ئەوە ئەدەین ، کە تیشک بخەینە سەر پێکهاتەی زمانی ئەو دەقە چیرۆکانەی، کە لە نێوان ساڵانی (١٩٨٢ . ١٩٩٠) لە گۆڤاری (کاروان) دا بڵاوکراونەتەوە و ، بۆ هەرساڵە و دەقی چیرۆکێکمان وەکو نمونە وەرگرتووە .**

*Article Info*

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

زمان ، چیرۆک ، دەربڕین ، پێکهاتە، تێکشکان

*Corresponding Author*

dr.ibrahimjaaf@gmail.com
Akramabbas364@gmail.com

## پێشەکی:

زمان بە شێوەیەکی گشتی هۆیەکە بۆ لە یەکترتێگەیشتنی مرۆڤەکان، و ((ئاوێنەی بیری مرۆڤە))( دیلمان ،٢٠١٧ :١٢٦) و زمان خاوەن تایبەتمەندییەکە ، کە بەبەردەوام لە نوێبوونەوەدایەوە (( هەمیشە بە هەموو نەوەیەک ڕێگا دراوە و ڕێگاش ئەدرێ کە بە پێ ی سروشتی گیانی سەردەم وشە دابڕێژێ ، هەروەک چۆن دارستان هەموو ساڵێک گەڵاکانی دەگۆڕێ .)) ( هۆراس، ١٩٧٩ :١٨ )، بۆیە زمانی دەربڕێنی دەقی ئەدەبیش بە بەردەوام لە گەشەکردن و بەرەو پێشچووندایە و ،لەم ڕووەشەوە هەمان تایبەتمەندی سیمای دەقی ئەدەبی وەرگرتووە ، کە بەردەوام لە پێشکەوتن و گۆڕانکاریدایە ، بەڵگەشمان بۆ ئەم ڕاستییە ئەو شێوەی دەربڕینەیە کە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیمانی پێ نووسراوەتەوە ، کە زمانێکی جیاوازی هەیە لە زمانی چیرۆکی نوێمان.

وە هەریەک لە زمان و زمانی ئەدەبی هەڵگری هەمان ئەرکن، ، کە ئەویش دەربڕینە ، بەڵام ئەوەی ، کە زمانی دەقی ئەدەبی لە زمانی ئاسایی جیا دەکاتەوە جۆری دەربڕینەکەیە ، کە لە یەکەمیاندا دەربڕینەکە قورسترە، چونکە لێرەدا نووسەرلە پاڵ ئەرکی دەربڕیندا ، ئەرکێکی تری ئەکەوێتە ئەستۆ ، کە ئەویش ورژاندنی هەست و سۆزی خوێنەرە لە ڕێگەی دەربڕینی جوداوە. بۆیە ، نووسەرپەنا بۆ چەندین شێوازی بەکارهێنانی زمان دەبات وزۆرجاریش خۆی بە دووردەگرێت لە شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانە ، بۆ خستنە ڕووی ئەم ڕاستییە هەوڵی ئەوەمان داوە پێکهاتەی زمانی دەربڕینی دەقی ئەو چیرۆکانەی، کە لە گۆڤاری (کاروان)دا بڵاو کراونەتەوە بکەین بە کرۆکی باسەکەمان و بۆ هەر ساڵێکی تەمەنی گۆڤارەکە، چیرۆکێک وەکو نمونە وەربگرین.

### پێکهاتەی زمانی دەقەی چیرۆکەکان

لە ساڵی یەکەمی تەمەنی گۆڤارەکەدا چەند چیرۆکێک بڵاوکراوەتەوە ،و یەکێک لەو چیرۆکانە چیرۆکێکە بە ناونیشانی ((قەندیل )) (ئەژی،١٩٨٢ :٣٣.٣٢)، کە لە ڕووی زمانی دەربڕینەوە بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراوەتەوە و نووسەرهەوڵی تەواوی خستووەتە گڕلە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی زمانی کوردیدا، بەڵام لەگەل ئەوشدا چەند وشەیەکی زمانی عەرەبی بەکار هێناوە و بەشێوەیەکی گشتی ئەم تێبینییانەی لای خوارەوەی تێدا بەدیدەکرێت :

1/ لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی کۆنەوە نووسەری چیرۆکەکە چەندین وشەی کۆنی بەکارهێناوە وەکو : ( مێپەڕ، چمك ، زریکەلێدراو ، لەوساوە ، قوڵچە ، کەنی باو انتە، جەڵەب.)

٢/ بەکار هێنانی وشەی بیانییەوە نووسر چەندین وشەی زمانی عەرەبی بەکارهێناوە وەکو وشەکانی: (قحط .قات ، زیاد .زۆر).

3/ تێکشکانی وشە: نووسەر لە ڕێگەی قرتاندنی (پیت)ەوە فۆرمی چەندین وشەی تێکشکاندووە وەکو:

أ/ قرتاندنی پیتی (د) وەکو وشەکانی ( کوێستانا . کوێستاندا، جەرگیا . جەرگیدا، بەچۆکا .بەچۆکدا)

ب/ قرتاندنی پیتی (ت) وەکو وشەکانی (ئەگرێ . ئەگرێت، ئەتەکێنێ . ئەتەکێنێت ، ئەنێ .ئەنێت ، ناچێ .ناچێت ، بێ .بێت ، ئەکەوی .ئەکەویت ، ئەکەی .ئەکەیت، ئەگرێ .ئەگرێت .)

پ/ قرتاندنی پیتی (ک) وەکو وشەکانی ( گەلێ .گەلێک ، بەردێ .بەردێک، قولێ .قولێک مێرگێ .مێرگێک. )

ئەوەی شایانەی باسە چ لەم چیرۆکەدا و چ لە هەموو ئەو چیرۆکانەی ، کە لەم توێژینەوەیدا وەکو نمونە وەرگیراون دیاردەی قرتاندنی (پیت) بەدیدەکرێت، ئەگەر چی((ئەو جۆرە قرتاندن و کلۆرکردنە کە تایبەتی یە بە ناوچەیەک ، نابێ لە زمانی ئەدەبی و نووسیندا ڕەنگ بداتەوە.)) (ئەوڕەحمان ، ١٩٨٦ :١١٧).

٤/ بەکار هێنانی ئیدیۆم : نووسەر هەندێ لە دەربڕینەکانی لە ڕێگەی ئیدیۆمەوە دەربڕیوەو بەمەش جۆرێک لە جوانی بەخشیووە بە زمانی دەربڕێنەکەی ولەم ڕووەوە چەندین ئیدیۆمی وەک (دایکایەتی لێ ئەباری) .و اتا پڕسۆزوبەزەیی بوو، (بۆیەجگاری چاوی بەسەرکوێستانا لێك نا.) و اتا کۆتایی بە ژیانی هات. ، (قەندی پڕ بە هەناوی هەنسکی شادی هەڵئەدا.) و اتا خۆشحاڵ بوو.

لە ساڵی دووەم تەمنی گۆڤارەکەشدا، دیسان چەندین چیرۆک بڵاوکراوەتەوە و یەکێک لەو چیرۆکانە چیرۆکی ((گوربە))یە (سۆران، ١٩٨٣ :٢٦.٢٥)، کە لە ڕووی پێکهاتەی زمانی دەربڕینەوە، دیسان بە زمانێکی ساکار نووسراوەتەوە و چەند تێبینییەکی تێدا بەدی دەکرێت لەو انەش :

1/ لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی کۆنەوە نووسەری چیرۆکەکە چەندین وشەی کۆنی بەکار هێناوە وەکو : (تێقوچاند ، دارەڕا ، مێچ ، زرتە ، ملە قوتێ ، قۆزتنەوە ، لەعوبەی بێت .چاری بکات ، قتبڕ.کۆتایی پێبهێنێ ، داڵغە )

2/ بەکار هێنانی وشەی بیانیی: لەم ڕووەوە نووسەر وشە و زاراوەی زمانی عەرەبی و فارسی بەکار هێناوە و لە بەکار هێنانی وشەی عەرەبیدا ئەم وشانەی بەکار هێناوە (خیال ، زیاد ، ، غریزە ،لەزەت ، قدر) و وشەی (چەشن)شی وەکو وشەیەکی زمانی فارسی بەکار هێناوە.

3/ / تێکشکانی وشە: لەم ڕووەوە نووسەر لە ڕێگەی قرتاندنی (پیت)ەوە فۆرمی چەندین وشەی تێکشکاندووە وەکو:

أ/ قرتاندنی پیتی (د) وەکو وشەکانی (ماڵەکەیا . ماڵەکەیدا، دارەڕاکەیا . دارەڕاکەیدا، مناڵ .منداڵ)

ب/ قرتاندنی پیتی (ت) وەکو وشەکانی ( بگرێ .بگرێت ، نەبێ .نەبێت، چۆنبێ . چۆنبێت.)

پ/ قرتاندنی پیتی (ک) وەکو وشەکانی (کەمێ . کەمێک ، بڕیارێ . بڕیارێک، تۆزێ .تۆزێک، کاتێ .کاتێک.)

ت/ قرتاندنی پیتی (ئ) وەکو (بەم .بەئەم).

4/ بە کار هێنانی وشەی دژو اتا : نووسەر چەندین وشەی دژو اتای وەک ( دەهاتن ودەچوون، سەرداروبێسەر، بەرودوا ، دێن ودەچن)ی بەکارهێناوە.

٥/ بەکار هێنانی ئیدیۆم : هەروەها نووسەر چەند ئیدیۆمێکی وەک (و ابڕوێن مشك هەڵمان دەگرێ. و اتا شوێنەکەمان پێ چۆڵ دەکات، سەرداری بێسەر دەکرد. و اتا ئەیدا بە کوشت ، سەری خۆی دانا. و اتا خۆی دابەکوشت.) تێکەڵ بە پێکهاتەی زمانی دەربڕینەکەی کردووە.

6/ بەکارهێنانی پەندی پێشینان : نووسەربۆڕاز اندنەوەی زمانی دەربڕینەکەی چەند پەندێکی پێشینانی وەک (با خاوەن تەڵە بێت. قسە لە شێت یان لە مناڵ) تێکەڵ بە پێکهاتەی زمانی دەربڕینەکەی کردووە.

چیرۆکی (( کوێرە ڕێ ))یش (جلیل ،1984 :59 . 60)، چیرۆکێکی ترە لەو چیرۆکانەی ، کە لە گۆڤارەکەدا بڵاو کراوەتەوە ، و چیرۆکەکە بە شێوەیەکی گشتی بە زمانێکی سادە دەربڕاوە و نووسەر بەزۆری هەوڵی ئەوەی داوە ، کە وشە و دەستە واژەی زمانی کوردی پەتی بەکار بهێنێت، و لە ڕووی پێکهاتەی زمانی دەربڕینەوە ئەم تێبینییانەی لای خوارەوەی تێدا بە دیدەکرێت:

1/ لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی کۆنەوە نووسەری چیرۆکەکە چەندین وشەی کۆنی بەکار هێناوە وەکو : ( کاروان سەرا ، زارە تەرك ، توێشوو، ڕێشکە و پێشکە ، هەنگڵ .لق ،( ئاجرڕوباجرڕ.تێکەڵ وپێکەڵ) ، پرسە گورگانە ، مەژگ، لەغاو، سەرە تاتکێ،شەڕە شان، تاق ، (مۆتکە . کۆت) ، نەشتەر ڕێژ، حەشامات، کروژن .خۆخواردنەوە).

2/ بەکار هێنانی وشەی بیانیی: لەم ڕووەوە وشەکانی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و تورکی بەکارهێناوە، بۆ نمونە لەبەکارهێنانی وشەی عەرەبیدا وشەکانی وەک (خێر، شەڕ ،عەنتەر)ی بەکار هێناوە، وە لە بەکار هێنانی وشەی زمانی ئینگلیزیدا وشەکانی وەک (گاز، تراکتۆر، ئەکزۆز)ی بەکار هێناوە ، وە لە بەکارهێنانی وشەی تورکیدا وشەی (چامرلغ)ی بەکار هێناوە ، کە بەو اتای (قوڕگر) دێت.

3 / بە کار هێنانی وشەی نوێ : نووسەر لە نووسینی چیرۆکەکەیدا چەندین زاراوە و وشەی نوێی بەکارهێناوە ، کە هەندێ لەو وشە و زاراو انە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و نووسەر بۆ ڕازاندنەوەی پێکهاتەی زمانی چیرۆکەکەی سوودی لێوەرگرتوون وەکو وشەکانی (سوکان ، ئەکزۆز، بورغی) ، کە تایبەتن بە ئۆتۆمبێل و تراکتۆر و هاوشێوەکانیان. هەروەها لە ڕێگەی (زانستی دەروونناسی)شەوە سوودی لە وشە (نەست) وەرگرتووە ، کە وشەیەکی نوێیە و تایبەتە بە لایەنی شاراوەی دەروونی مرۆڤ، سەرەڕای ئەمانەش لە بڕی (ڕازاندنەوە) وشەی (ئارایشت)ی بەکارهێناوە ، کە وشەیەکی نوێیە.

4/ بە کار هێنانی وشەی دژو اتا : لە بەکارهێنانی وشەی دژو اتاشدا نووسەر وشەکانی وەک (بچم و نەچم ، ئەگەرو نەگەر) ی بەکارهێناوە بۆڕازاندنەوەی پێکهاتەی زمانی چیرۆکەکەی

5/ بەکارهێنانی پەندی پێشینان : نووسەربۆڕازاندنەوەی زمانی دەربڕینەکەی پەندی پێشینانیشی بەکارهێناوە وەکو ئەو پەندەی کە دەڵێت تاریکی مانگ سەرلە ئێوارە دیارە.

6/ بەکارهێنانی ئیدیۆم : نووسەربۆ ڕازاندنەوەی زمانی دەربڕینەکەی پەنای بۆ بەکارهێنای چەندین ئیدیۆم بردووە لەوانەش (تراکتۆر نەڕەی لێهەڵسا. و اتا کەوتە ئیشکردن، گازی شێلا. و اتا خێرایەکەی زیاد کرد، پێی سووك کردەوە . و اتا خاوی کردەوە، سواری هەستی بوو. و اتا کەوتە بیرکردنەوە ، خۆ لەسەرمان نادەن. و اتا خۆنامانکوژن).

((کارەکەر))(سلیم،١٩٨٥ :٦٢) ، ناونیشانی چیرۆکێکی ترە لەو چیرۆکانەی ، کە لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە ، وپێکهاتەی زمانی چیرۆکەکە بە شێوەیەکی گشتی سادە و ساکارە ولە ڕووی پێکهاتەی زمانی دەربڕینەوە ئەم تێبینییانەی لای خوارەوەی تێدا بە دیدەکرێت:

1/ لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی کۆنەوە نووسەری چیرۆکەکە بۆ خۆبەدوور گرتن لە بەکارهێنانی وشەی زمانی نەتەوەکانی دراوسێ و بەکارهێنانی وشەی پەتی زمانی دایک چەندین وشەی کۆنی بەکارهێناوە وەکو وشەکانی (زەمبیل ، ئەسپایی ، شەکەت ، کڵۆڵ ناسۆر).

2/ بەکارهێنانی وشەی بیانیی: لەم ڕووەوە وشەکانی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وتورکی بەکارهێناوە، بۆ نمونە لەبەکارهێنانی وشەی زمانی عەرەبیدا وشەکانی وەک (مەلەل .وەڕەسبوون ، وقت .کات ، موتبەق .مطبخ )ی بەکارهێناوە، وە لە بەکارهێنانی وشەی زمانی ئینگلیزیدا وشەی (هۆڵ)ی بەکارهێناوە ، وە لە بەکارهێنانی وشەی تورکیدا وشەی (سۆراخ)ی بەکار هێناوە ، کە بەو اتای (پرسیارکردن و هەواڵ زانین) دێت.

3/ تێکشکانی وشە: لەم ڕووەوە نووسەرلە ڕێگەی قرتاندنی (پیت)ەوە فۆرمی چەندین وشەی تێکشکاندووە وەکو :

أ/ قرتاندنی پیتی (د) وەکو وشەی (مناڵ .منداڵ)

ب/ قرتاندنی پیتی (ت) وەکو وشەی ( ناکا .ناکات)

4/ بەکارهێنانی ئیدیۆم : نووسەربۆ ڕازاندنەوەی زمانی دەربڕینەکەی پەنای بۆ بەکارهێنای چەندین ئیدیۆم بردووە لەوانەش (خۆی کرد بە سەریا. و اتا هاواری کردە سەریا یان تووڕە بوولێی.)

چیرۆکی ((زۆرب)) یش (سلام، ١٩٨٦ : ٤٢.٤١) یەکێکە لەو چیرۆکانەی ، کە لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە و توێژەر وەکو نمونە وەریگرتووە بۆ دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکەی ، چیرۆکەکە بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی پێکهاتەیەکی زمانیی سادەیە و دوورە لە ئاڵۆزی ، ولە ڕووی پێکهاتەی زمانی دەربڕینەوە ئەم تێبینییانەی لای خوارەوەی تێدا بە دیدەکرێت:

1/ لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی کۆنەوە نووسەری چیرۆکەکە هەوڵی ئەوەی داوە زۆر ترین وشەی پەتی و ڕەسەنی زمانی کوردی بەکار بهێنێت ، بۆیە چەندین وشەی کۆنی بەکارهێناوە وەکو وشەکانی (بێژنگ ، جەربەزە ، ئاوبارە ، ئاوزەنگی، پاڵە .وەرزێر، بەکرەیی .جۆرێکە لە دروێنەکردن بەداس ، کە هەموو وەرزێرەکان پێکەوە دروێنە دەکەن و تا ماوەیەکی زۆر پشت ڕاست ناکەنەوە و سەرهەڵنابڕن بەبێ ئەوەی کە هێچکامیان دوا بکەوێت، کاسەکەل ، کوێت . ئەسپی سووری ئاماڵ ڕەش ، توولێ .جۆگەدەردان، ناڵ ، ناڵبەند، سەرزێن ، ڕەشمە ، (بێوەڵەت . بێدرامەت) ، کەڵەك . گرۆر یان کۆمەڵکردنی بەرد بەمەبەستی دیاری کردنی سنووری زەوی ، قاوغ .کەوڵ ، دێروغە .جۆگە، پاڵ . بنە و اتا ئەو کەسەی لە دروێنەکردندا لای خواری خوارەوەی وەرزێرەکانی ترەوەیە، کاسە ، قنگەلاشك . جۆرە گیایەکی بەهارانەیە ، قەرە بروت ، هەرەکەت . هێز، دەمزار. تیژکردن ، کووڕبوو. نەهات بوو ، هەڕەت . ترۆپکە، نۆما . جو انە ئەسپی تەمەن دوو ساڵانە).

2/ بەکار هێنانی وشەی بیانیی: لەم ڕووەوە وشەکانی زمانی عەرەبی و تورکی بەکارهێناوە، بۆ نمونە لەبەکارهێنانی وشەی زمانی عەرەبیدا وشەی (خەیاڵ) بەکار هێناوە ، کە بەرامبەر بە (ئەندێشە)یە لە زمانی کوردیدا، ، وە لە بەکارهێنانی وشەی تورکیدا وشەی (قەرە)ی بەکار هێناوە ، کە بەو اتای ڕەنگی(ڕەش) دێت.

٣ / تێکشکانی وشە: لەم ڕووەوە نووسەرلە ڕێگەی قرتاندنی (پیت)ەوە فۆرمی چەندین وشەی تێکشکاندووە وەکو :

أ/ قرتاندنی پیتی (د) وەکو وشەکانی (نە ئەشکان . نەئەشکاند ، ئەشکەوتا . ئەشکەوتدا ، منا . مندا)

ب/ قرتاندنی پیتی (ت) وەکو وشەکانی ( وائەزانێ . وائەزانێت ، دەرچێ . دەرچێت ، ناوێرێ . ناوێرێت.)

4/ بەکارهێنانی پەندی پێشینان : نووسەربۆ ڕازاندنەوەی زمانی دەربڕینەکەی پەندی پێشینانیشی بەکار هێناوە وەکو ئەو پەندەی کە دەڵێت : ( بە خاسە خاسە گوت کردە کاسە.)

5/ بەکارهێنانی ئیدیۆم : نووسەر بۆ ڕازاندنەوەی زمانی دەربڕینەکەی پەنای بۆ بەکارهێنای چەندین ئیدیۆم بردووە لەوانەش (بە زەوییەوە بەند نە ئەبوو. واتا چوست و چالاك و بزێو بوو و هاتووچۆی زۆری دەکرد، ئەو ساڵە نان خۆشەویست بوو . واتا ئەو ساڵە گرانیی بوو، ئێمە بووە بووین. وات ئێمە دەوڵمەند بووین ، زەوی بەرگەی نە ئەگرت. و تۆزی قولیان نەئەشکان و اتا زۆربە خێرایی ڕایدەکرد ونەیان ئەتوانی پێی بگەن، لە بن سێبەری ئەشکەوتا گەورە نە بووین. واتا خزم و کەس وکارمان زۆرە، و ب]کەس نین. دامەزراو، واتا کەڵگەت چوارشانە و بە توانا، چاوی پەڕپە پشتی سەری . واتا زۆر توڕە ببوو، مارومشك. واتا کەسانی چڵکاو خۆرو ماساوچی، گەنم لە سەری زەلام ئەدا. واتا زۆر بەرز بووە).

چیرۆکێکی تر لەو چیرۆکانەی ، کە لە گۆڤارەکەدا بڵاو کراوەتەوە بریتییە لە چیرۆکی ((دوو تووەکەی حاجی مەلا))(حەمە سعید ، ١٩٨٧ : ٧٠ ـ ٧٣) ، ئەم چیرۆکەش دیسان هاوشێوەی چیرۆکەکانی تر بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراوە و دوورە لە ئاڵۆزی و نووسەر نەیتوانیووە بە زمانێکی کوردی پاراو گوزارشت لە بیرەکەی بکات ، بەڵکو بە زمانێک بیرەکەی گەیاندووە ، کە گەلێک وشەی زمانی عەرەبی لە خۆ گرتووە، لە ڕووی پێکهاتەی زمانی دەربڕینەوە ئەم تێبینییانەی لای خوارەوەی تێدا بە دیدەکرێت:

1/ لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی کۆنەوە نووسەری چیرۆکەکە زۆر سەرکەوتوو نەبووە لە بەکار هێنانی وشەی پەتی و ڕەسەنی زمانی کوردیدا و لەم ڕووەوە تەنها یەک وشەی کۆنی بەکارهێناوە ، کە ئەویش وشەی (بەشکەم) ە ، کە بە واتای (بەڵکو) دێت، هەرچەندە ئەم وشەیە لە ناوچەی گەرمیاندا کەم تا زۆر لە ئێستاشدا بەکار دەهێنرێت ، بەڵام لە زۆربەی ناچەکانی تری کوردستاندا بەزۆری وشەی (بەڵکو) بووەتە جێگرەوەی.

2/ بەکار هێنانی وشەی بیانیی: نووسەر لە چیرۆکەکەیدا زۆر وشەی بیانیی بەکارهێناوە لەوانەش وشەکانی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ، بۆ نمونە لەبەکار هێنانی وشەی زمانی عەرەبیدا وشەکانی وەک (شهید ، مەرحەبا، جوهر، کحل ، سحرا ، الله ، قصف، حصار، قبر ، زولم ، قبول، ، نەقڵیات ، بسم الله ، دەقە ، غدر، جنازە ، ، قیامەت ، حورمەت)ی بەکارهێناوە، وە لە بەکارهێنانی وشەی زمانی ئینگلیزیشدا وشەکانی وەک (تراکتۆر، مکینە، سیم)ی بەکار هێناوە .

٣ / تێکشکانی وشە: نووسەر لە ڕێگەی قرتاندنی (پیت)ەوە فۆرمی چەندین وشەی تێکشکاندووە وەکو:

أ/ قرتاندنی پیتی (ت) وەکو وشەکانی ( بچێ . بچێت ، بهێنێ . بهێنێت ، چۆنی . چۆنیت ، نەبێ . نەبێت ، بیزانی . بیزانیت ، بهێنێ . بهێنێت ، ئەتەقێ . ئەتەقێت ، بهێڵێ . بهێڵێت.)

ب/ قرتاندنی پیتی (د) وەکووشەکانی ( تیا.تێیدا ، مناڵ.منداڵ) وەکو دەبینین لە وشەی (تێیدا) دا بە تەواوەتی دەستکاری فۆرمی وشەکەی کردووە و جگە لە قرتاندنی پیتی (د) پیتی (ێ)شی قرتاندووە .

پ/ قرتاندنی پیتی (ک) وەکو وشەی (تۆزێ . تۆزێک .)

چیرۆکێکی تر لەو چیرۆکانەی ، کە لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە ، چیرۆکێکە بە ناونیشانی ((گڵ وگوڵ))(کابان ،١٩٨٨ :٨٣) ، چیرۆکەکە بەهەمان شێوەی زۆربەی ئەو چیۆکەکانی تری دووتوێی ژمارەکانی تری گۆڤارەکە بە زمانێکی سادە و ساکار داڕێژراوە و دوورە لە ئاڵۆزی، بەڵام تا ڕادەیەکی باش پابەندی بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بییانیی بووە ، و بەشێوەیەکی باش خۆی بە دوور گرتووە لە بەکار هێنانی وشەی زمانەکانی تر، و لە ڕووی پێکهاتەی زمانی دەربڕینەوە ئەم تێبینییانەی لای خوارەوەی تێدا بە دیدەکرێت:

1/ لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی کۆنەوە نووسەری چیرۆکەکە چەندین وشەی کۆنی بەکارهێناوە وەکو: ( جاروبار، ئەسپایی .)

2/ بەکارهێنانی وشەی بیانیی: لەم ڕووەوە تێبینی ئەوە دەکرێت، کە ژمارەی ئەو وشە ناکوردییانەی ،کە نووسەر بەکاری هێناون لە ژمارە بەنچەکانی یەک دەستیش کەمترە و لەم لایەنەوە تەنها یەک وشەی زمانی عەرەبی بەکارهێناوە ، کە ئەویش وشەی (حال) ە.

دەکرێت ئەم دیاردەیە بە وەرچەرخانێک دابنێین لە هەنگاونان بەرەو نووسین بە زمانی کوردی پەتی و بژارکردنی زمانی کوردی لە وشە و دەستەواژەکانی زمانەکانی تر.

٣ / تێکشکانی وشە: نووسەر لە ڕێگەی قرتاندنی (پیت)ەوە فۆرمی چەندین وشەی تێکشکاندووە وەکو:

أ/ لابردنی پیتی (ت) دانانی پێتی (د) لە جێگەی و قرتاندنی پیتی (ڕ) وەکو لە وشەی (یەکدی) دە بینرێت ، کە دەبوو بگوتایە (یەکتری) نەک (یەکدی) .

ب/ قرتاندنی پیتی (ك) وەکو وشەکانی ( هەندێ . هەندێک)

پ/ قرتاندنی پیتی (ت) هەروەک لە وشەکانی (دێ . دێت ).

چیرۆکی (بناغە)) (جلیل ،١٩٨٩ : ٧٠.٧١) ، کە چیڕۆکێکی ترە لەو چیرۆکانەی لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە ، دیسان بە هەمان شێوەی چیرۆکە بڵاوکراوەکانی ترە گۆڤارەکە بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراوەتەوە، و هەرچەندە نووسەر نەیتوانیوە خۆی لە بەکار هێنانی وشەی بییانیی ڕزگار بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگییەکی تەواوی داوە بە بەکارهێنانی وشەی کوردی پتی، و لە ڕووی پێکهاتەی زمانی دەربڕینەوە ئەم تێبینییانەی لای خوارەوەی تێدا بە دیدەکرێت:

1/ لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی کۆنەوە نووسەری چیرۆکەکە چەندین وشەی کۆنی بەکارهێناوە وەکو: (جۆش سەندن ، جم و جوڵە، مینا بەند ، هەگبە ، کونج ، کاروان ، لۆدە ، شەڵتە، داڵدە ، بەردە باز، هاموو شۆکەر.)

2/ بەکار هێنانی وشەی بازاڕی : نووسەر وەکو کەسێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگا زمانی چیرۆکەکەی تێکەڵ بە زمانی گشتی خەڵک یان زمانی بازاڕی کردووە و لەم لایەنەوە چەندین وشەی بەکارهێناوە وەک وشەکانی (بابایەك ،جاران ، هەڵپە ، مشتێ. ) ئەمەش بەهرەمەندی نووسەر پیشان ئەدات لە دواندن و سەرنج ڕاکێشانی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو وشە و زاراوە سادانەی ، کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری دەهێنن.

3/ بە کار هێنانی وشەی نوێ : نووسەری چیرۆکەکە سەرەڕای ئەوەی ،کە گرنگییەکی باشی داوە بە بەکارهێنانی وشەی کوردی پتی ، لەگەل ئەوشدا

گرنگیش داوە بە بەکارهێنانی وشە نوێ وەک وشەکانی (پارە ژمێر، خروشان ، توون . پەست)

4/ بەکارهێنانی وشەی بیانیی: نووسەر لە چیرۆکەکەیدا زۆر وشەی بیانیی بەکارهێناوە لەو انەش وشەکانی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و تورکی ، بۆ نمونە لەبەکارهێنانی وشەی زمانی عەرەبیدا وشەکانی وەک (دیقەت .وردبوونەوە لە تەماشاکردنی شتێێک)ی بەکار هێناوە، وە لە بەکارهێنانی وشەی زمانی ئینگلیزیشدا وشەی ( بانق .بانک)ی بەکارهێناوە، لە بەکارهێنانی وشەی زمانی تورکیشدا وشەی (ئەفەنی . ئەفەندی) تورکی بەکارهێناوە.

5 / تێکشکانی وشە: نووسەرئەم چیرۆکەش هاوشێوەی ئەوانی تر لە ڕێگەی قرتاندنی (پیت)ەوە فۆرمی چەندین وشەی تێکشکاندووە وەکو:

أ / قرتاندنی پیتی (ت) وەکووشەکانی ( ناکا . ناکات ، دەست پێ دەکا . دەست پێدەکات، بکا .بکات ، بڕو انێ .بڕو انێت ،بڕو انی .بڕو انیت ، ناتو انێ .ناتو انێت ، بدا . بدات ، دەژمێرێ . دەژمێرێت ، بکرێ . بکرێت ، دەربچێ . دەربچێت ، دەبێ . دەبێت ، بپارێزێ . بپارێزێت)

ب/ قرتاندنی پیتی (ك) وەکووشەکانی ( کاتێ .کاتێک ، کەسێ .کەسێک ، مشتێ . مشتێک ، یەکێ . یەکێک ، ڕۆژێ . ڕۆژێک ، بستێ . بستێک.)

پ/ قرتاندنی پیتی (د) هەروەک لە وشەکانی (ڕۆژهەڵاتا . ڕۆژهەڵاتدا ، لەگەلیانا .لە گەلیاندا )

٦/ بەکارهێنانی ئیدیۆم : نووسەر بۆ ڕاز اندنەوەی زمانی دەربڕینەکەی پەنای بۆبەکارهێنای چەندین ئیدیۆم بردووە لەو انەش ( داخۆ ئەمڕۆ ڕۆژلە کام لاوە هەڵاتووە. و اتا سەرسۆڕمانی خۆی دەربڕیوە دەربارەی دیاردەیەك، گەیشتووەتە کونە لووت. و اتا ئارامی لێبڕاوە و زۆر پەستە ، باخەڵیان گەرم دەکاتەوە. و اتا پارەیان ئەداتێ، دادەنیشێ و اتا شوێنی نیشتە بوونیەتی.)

کۆتا نمونەی چیرۆکی وەرگیراو لە گۆڤارەکەدا چیرۆکێکە بە ناو نیشانی ((پاش مردن)) (ڕەزا ،١٩٩٠ :٦١.٦٢) وە، زمانی دەربڕینی ئەم چیرۆکەش بە هەمان شێوەی چیرۆکەکانی تر سادە و ساکارە ، بەڵام ئەوندە هەی ، کە نووسەر هەوڵی خۆی داوە لە بەکار هێنانی زۆرترین وشەی کوردی پەتی و کەمترین وشەی بییانی، و لە ڕووی پێکهاتەی زمانی دەربڕینەوە ئەم تێبینییانەی لای خوارەوەی تێدا بە دیدەکرێت:

1/ لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی کۆنەوە نووسەری چیرۆکەکە چەندین وشەی کۆنی بەکار هێناوە وەکو: (قیت ، شۆڕبوومەوە ، ، داکوتان ، لاسەنگ ، شڕو شپڕی ، هەڵبزرکاو ، مشت بوو. پڕبوو.)

2/ بەکارهێنانی وشەی بیانیی: نووسەر لە چیرۆکەکەیدا بەکەمی وشەی بیانیی بەکارهێناوە ، بۆ نمونە لەبەکارهێنانی وشەی زمانی عەرەبیدا وشەکانی وەک (لەقتە . لقطة، قطرة، قدر) ، وە لە بەکارهێنانی وشەی زمانی ئینگلیزیشدا وشەی ( مایکرۆفۆن ، فلم )ی بەکارهێناوە.

٣/بەکار هێنانی وشەی بازاڕی : نووسەر وەکو کەسێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگا زمانی چیرۆکەکەی تێکەڵ بە زمانی گشتی خەڵک یان زمانی بازاڕی کردووە و لەم لایەنەوە وشەیەکی وەک (تەنگپێهەڵچنین)ی بەکار هێناوە ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە، کە نووسەر ویستوویەتی زیاتر لە چینێکی کۆمەڵگا بدوێنێت .

4 / تێکشکانی وشە: نووسەرئەم چیرۆکەش هاوشێوەی ئەوانی تر لە ڕێگەی قرتاندنی (پیت)ەوە فۆرمی چەندین وشەی تێکشکاندووە وەکو:

أ / قرتاندنی پیتی (ت) وەکووشەکانی ( دەحەپەسێ . دەحەپەسێت ، دەگرێ . دەگرێت ، ڕادەگرێ . ڕادەگرێت ، دەبینێ . دەبینێت ، دەبیسێ . دەبیسێت ، نامەوێ . نامەوێت ، بناسێنێ . بناسێنێت .)

ب/ قرتاندنی پیتی (ئ) وەک ( لەوەی تریان .لە ئەوەی تریان)

پ/ تێکدانی ڕۆنانی وشە : لەم ڕووەوە نووسەرڕۆنانی چەند وشەیەکی تێکداوە وەک وشەکانی ( لەویکە . لەوەی دیکە ، دێنێتە . دەهێنێتە ، جێدێڵێ . جێدەهێڵێت.)

5/ بەکارهێنانی ئیدیۆم : نووسەر بۆ ڕاز اندنەوەی زمانی دەربڕینەکەی پەنای بۆبەکارهێنای چەندین ئیدیۆم بردووە لەو انەش ( چەند هەنگاوێك لە دایك بوون. بە و اتای ئەوەی چەند هەنگاوێك چووە پێشەوە ، خەمگینی خۆیان ... دەزگاکانیان بەسەر مایکرۆفۆنەکانەوە بتەکێنن. و اتا لە ڕێگەی بڵندکۆکانەوەی خەم و پەژارەی خۆیان دەربڕن.)

## ئەنجام :

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا تو انیمان بگەین بە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :

١/ سەرجەم ئەو چیرۆکانەی، کە وەکو نمونە وەرگیراون بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراون و لە ئاستی پێویستدا نین ، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سەردەمە کەم تا زۆر خزمەتیان بە ئەدەبیاتی کوردی کردووە.

٢/ لەو چیرۆکانەی ، کە وەکو نمونە وەرگیراون زۆر بە کەمی وشە و دەستەواژەی نوێ بەکارهاتووە.

٣/ هەموو ئەو چیرۆکانەی ، کە باسمان لێوە کردوون بەدەر نین لە بەکار هێنانی وشەی بییانیی.

٤/ نووسەری هەندێ لە چیرۆکەکان بۆڕاز اندنەوەی زمانی دەقی چیرۆکەکانیان پەنایان بردووە بۆ بەکارهێنانی پەندی پێشینان.

٥/ نووسەری هەندێ لە چیرۆکەکان بۆ ڕازاندنەوەی زمانی دەقی چیرۆکەکانیان پەنایان بردووە بۆ بەکارهێنانی ئیدیۆم.

٦/ شێوازو زمانی گێڕانەوەکان کلاسیکانەن.

٧/ لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا لە هەموو چیرۆکەکاندا تێکشکانی وشە دەبینرێت.

## لیستی سەرچاوەکان :


.کتێبەکان :

١/ ئەوڕەحمانی حاجی مارف : نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاو انی ناوچەی کوردستان، چاپخانەی علاء، بغداد،١٩٨٦ .

٢/ هۆراس: هونەری شیعر، وەرگێڕانی : (حمید عزیز) ، چاپخانەی (الزمان) بغداد،١٩٧٩،

. گۆڤارەکان:

١/ ئەژی گۆران: قەندیل . چیرۆك، گۆڤاری کاروان، ژمارە (1) ی تەشرینی یەکەمی ساڵی (1982) .

2/ جليل كاكه وەيس : كوێره ڕێ . چیرۆك،گۆڤاری كاروان ، ژماره (27) ی كانونی یەكەمی ساڵی (1984) .
3/ جليل محمد شريف : بناغه . چیرۆك، گۆڤاری كاروان، ژماره (71) ی كانونی دووەمی ساڵی (1989).
4/ حمه سعيد حمه كريم: دوو تووەكەی حاجی مەلا. چیرۆك، گۆڤاری كاروان ، ژماره (58)ی ئابی ساڵی (1987) .
5/ ڕەزا سيد گوڵ بەرزنجی : پاش مردن . چیرۆك ، گۆڤاری كاروان ژماره (84) ی ئازاری ساڵی (1990) .
6/ سلام مەنمی : زۆراب . چیرۆك، گۆڤاری كاروان ، ژماره (49) ی تشرینی یەكەمی ساڵی (1986) .
7/ سليم رشيد صالح : كارەكەر . چیرۆك، گۆڤاری كاروان ژماره (34) ی تەموزی ساڵی (1985) .
8/ سۆران محوی : گوربه . چیرۆك، گۆڤاری كاروان، ژماره (5) ی شوباتی ساڵی (1983) .
9/ كابان امين بكر چاوشين : گڵ و گۆڵ. چیرۆك ،گۆڤاری كاروان ، ژماره (63) ی ئازار و نیسانی ساڵی (1988) .
- نامەی ئەكادیمی :
ديلمان قادر احمد : چەمكی داهێنان له تێڕوانینی شاعیر انی كوردا ، كرمانجی خواروو (١٩٢٠ـ١٩٧٠) ، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی ، كۆلێجی زمان ، بەشی زمانی كوردی، ٢٠١٧.

**الملخص :**

تعد اللغة أحدى العناصر الرئيسة المكونة للنص الشعري التي لا يمكن للأديب الإستغناء عنها عند كتابة أي نص أدبي، لذا يهتم الأديب بأسلوب تعبيره اللغوي بأستمرار، بهدف المحافظة على لغته الأدبية وبث روح الخلود فيها. وفي تلك المحاولة فإن الأديب أحيانا (سواء بوعي أو بغير وعي) يلعب بمكونات الكلمة أو المفردة، وقد يستعمل المفردات القديمة أو الحديثة أو يلجأ لأستعمال المفردات الموجودة في لغات غير لغته، و لغرض تزيين لغته الأدبية أحيانا يقوم بتضمين الأمثال والحكم، أو يقوم بأستعمال التعابير الخاصة (idiom). لذا في هذا البحث نحاول تسليط الضوء على مكونات اللغوية لنصوص القصصية التي تم نشرها في مجلة (كاروان) لفترة من سنة (1982ـ1990) ولكل سنة قمنا بدراسة قصة واحدة كالعينة.

Abstract

Language is considered one of the essential factors of the poetic text which that the poet can not disregard while writing a literary text. Thus, the poet always cares about the style of his language to preserve his literary language and its glory. In his attempt, he sometimes (consciously or unconsciously) deals with the components of the words or the vocabulary and he might use the classical or the modern terms or he uses the words of the other languages rather than his. The poet might sometimes include idioms or proverbs to beautify his literary language. The researchers try to shed light on the linguistic components of the stories published in (karwan) magazine from (1982-1990) and for each year a story has been studied as a sample.